هەرەم: کارتی ئەلیکترۆنی بۆ دابەشکردنی سووتەمەنی دروست دەکرێت

پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، ناسنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ هاووڵاتیان دروست دەکرێت، کە دەتوانن بۆ ناسنامەیە نەوت و غاز وەربگرن، بەبێ ئەوەی مافیان بفەوتێت.

ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا کەموتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، ئەم هەنگاوەی پرۆژەی دروستکردنی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ دابەشکردنی سووتەمەنی (نەوت و غاز) هاوشێوەی هەنگاوەکانی دیکەی بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری دامو دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە کابینەی نێدا و ئەنماییەکانی خودی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

گوتیشی: پرۆژەکە خزمەتگوزاری گشتییە بۆ هاوڵاتیانی پارێزگای هەولێر، کە مافی هەموو تاکێك بۆ یەکسانی دەپارێزێت و ئەگەر دەبێت لە دروست بوونی هەر کێشە و قەیرانێکی سووتەمەنی لە بەشی هاوڵاتیان، ئەوەش بە سروشتی خۆی گەیاندنەوەی سیمای شارستانییەتە لەکاتی دابەشکردنی سوتەمەنییەکان، هەموو خەزانێك دەبێتە خاوەنی کارتی تایبەتی خۆی کە مافی پارێزراو دەبێت.

پارێزگاری هەولێر گوتیشی: لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی ئەو کارتانە دەکرێ و لە قۆناغی یەکەمدا 450 هەزار هاوڵاتی هەولێر سوودمەند دەبن و چاوەڕوان دەکرێ 50 هەزار هاووڵاتی خەڵکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەشێکیش لەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستانن سوودمەند بن.

ئاماژەی بۆشکرد، پرسەکە بە جۆرێکە بریکارەکانی دابەشکردن لە ڕێگای ئامێری کارتەکانەوە خزمەتگوزاریەکە دەگەڵنن بە هاوڵاتیەکە و هەتا کارتەکەی خۆی بەکار نەهێنێت، بەش سوتەمەنییەکە هەر دەمێنێت و نافەوتێ ....